Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090113

# هەندێک لایەنی تیۆری ئەرگۆمێنت لە زماندا

رفیق محمد شوانی

زمانی کوردی// کۆلێژی زمان// زانکۆی سەلاحەدین

یوسف نوری محەمەدئەمین

پەروەردەی سەلاحەدین // وەزارەتی پەروەردە

*rticle Info*

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

*Keywords*

ئەرگۆمێنت، پڕاگماتیکی لێکدراو، پلیکانەی ئەرگۆمێنت، بەستێنەر و کۆتکەرە ئەرگۆمێنتییەکان، ئاڕاستەکردن.

*Corresponding Author*

rafiq.shwany@gmail.com
yousifnuri@gmail.com

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، باس لە هەندیک لایەنی تیۆری ئەرگۆمێنت دەکات لای هەر دوو زمانەوان (دیکرۆ و ئەنسکومبەر)، کە بە تیۆری ئەرگۆمێنتی زمانی یان ئەرگۆمێنت لەناو زمان ناسراوە. ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەرگۆمێنت ڕەگی لەناو زماندایە، زمان لە خودی خۆیدا ئەرکێکی ئەرگۆمێنتی هەیە، دەیەوێت ئەو بیرۆکە گشتییە بسەلمێنێ، کە ئێمە کاتێک قسەدەکەین بە مەبەستی کارتێکردن و ئاڕاستەکردنی گوێگر قسەدەکەین. ئەم دوو زمانەوانە پێیانوایە هەواڵدان و وەسفی واقیع بەپلەی دووەم دێت بە بەراورد لەگەڵ ئەرگۆمێنت، چونکە مەبەست و نیاز و ئامانجی زۆر لە گوتن و گوتارەکان، بەپلەی سەرەکی گەیاندنی زانیاری نییە بە وەرگر(گوێگر)، بەڵکو لە ڕاستیدا مەبەست و نیازیان کاریگەریی و کارتێکردنە لە وەرگر و هاندانی بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو. بەپێی ئەم تیۆرە پێکهاتەی ئەرگۆمێنت بە لایەنی کەم لە دوو گوتن، یان ڕەگەز پێکدێت: گوتنی یەکەم دەبێتە ئەرگۆمێنت و گوتنی دووەم دەبێتە ئەنجام. ئامانجی ئەرگۆمێنتیش بریتییە لە ئاڕاستەکردن لەسەر هەر دوو ئاستی گوێگر و ئاستی گوتار، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک ئامراز هەیە لەناو زماندا، کە بە بەستێنەر و کۆتکەری ئەرگۆمێنتی ناسراون، بەکاردێنین. پلیکانەی ئەرگۆمێنتی یەکێک لەم چەمکانەیە، کە لەم تیۆرەدا گرنگی زۆری پێدراوە، بەکار دێت بۆ ئاڕاستەکردنی ئەرگۆمێنتی بەهێز و بەهێزتر بۆ دروستکردنی کاریگەری زیاتر، هەروەها چەمکی پڕاگماتیکی لێکدراویان داهێنا، کە دژ و ناکۆکە لەگەڵ جیاکردنەوەی ئاستی واتاسازی و پڕاگماتیک لە یەکتری، بەڵکو ئاستی پڕاگماتیک لەگەڵ وەسفی واتایی لێکدەدات و ڕاستەوخۆ کار لەسەر پێکهاتەی زمانی(ڕستەسازی) دەکا.

**پێشەکی:**

ئەرگۆمێنت لەم سەردەمەدا یەکێکە لە گرنگترین تەوەرەکانی توێژینەوە پڕاگماتیکیەکان و چەندین تیۆر دەربارەی ئەرگۆمێنت هەیە، ئەم تیۆرەش یەکێکە لە تیۆرە نویٚ و باو و گرنگەکان. هەوڵدەدات ئەرگۆمێنت لەو ڕوانگە تەسکە دەربهێنی، کە تەنیا چەند تەکنیکێک بێت لە گوتاردا بەکاربیٚ و بەسترابێتەوە بەڕەوانبێژی، وەک لای(پێرلمان وتیتیکا)، یان پەیوەست بیٚ بە لۆجیک و لۆجیکی سروشتییەوە، وەک لای(تۆلمین و جون بلیر گرایس)، یان تەنیا لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی سەیر بکریٚ وەک لای(میشێل مایەر)، بەڵکو ئەم تیۆرە پێیوایە ئەرگۆمێنت ڕەگی لەناو زماندایە و زمان لۆجیکێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کەپێی دەڵێن(لۆجیکی زمان).

**١-ناونیشانی توێژینەوەکە:**

بریتییە لە (هەندێک لایەنی تیۆری ئەرگۆمێنت لە زماندا).

**٢-سنووری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەیە لەسنووری تیۆرێکی ئەرگۆمێنتی دایە، نموونەکانیش لەچوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستدان.

**٣-گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی ئەرگۆمێنتی ناو زمان دەردەخات، دوور لە ئەرگۆمێنتی لۆجیکی و فەلسەفی، ئامانجەکەشی دەرخستنی ئەرگۆمێنتە وەک کارتێکردن و ڕازیکردن و ئاڕاستەکردن و بە بەکارهێنانی بەستێنەر و کۆتکردنی ئەرگۆمینتی و پلیکانەی ئەرگۆمێنت، کە لەناو خودی زماندا هەن، بیٚ پەنابردنە بەر تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت.

**٤-ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی (پەسنی شیکاری)دا ئەنجامدراوە، شیکردنەوە بۆ گوتنە ئەرگۆمێنتییەکان کراوە.

**٥-ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لەتەوەری یەکەمدا باسی پێناسە و چەمکی ئەرگۆمێنت و ئەرک و ئامانجی ئەرگۆمێنت و بنەمای ئەرگۆمێنتی و سیما و تایبەتمەندیی ئەرگۆمێنت وپەیوەندیی تیۆرەکە بە لۆجیک وپڕاگماتیکی لێکدراو کراوە. لەتەوەری دووەمدا باسی فرەدەنگی و هێزی ئەرگۆمێنتی و پلیکانەی ئەرگۆمێنتی و بەستێنەر و کۆتکەرە ئەرگۆمێنتییەکان کراوە و نموونەی پێویستی بۆ هێنراوەتەوە، لە کۆتایشدا ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەوە ڕوو.

**تەوەری یەکەم**

**١-١. ناساندنی تیۆرەکە:**

تیۆری ئەرگۆمێنت لە ناو زماندا یان لە زماندا، پێچەوانەی زۆربەی تیۆر و بۆچوونە کلاسیکییەکانە سەبارەت بەئەرگۆمێنت، کە پێیانوایە ئەرگۆمێنت دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوانبێژی کلاسیکی(ئەرستۆ)، یان ڕەوانبێژیی نویٚ(پیرلمان و تیتیکا) و (میشال مایەر)، یان ئەوانەی ئەرگۆمێنت دەگەڕێننەوە بۆ لۆجیکی سروشتی(جون بلیر گرایس). ئەم تیۆرە، زمانەوانی فەرەنسی(ئۆزفالد دیکرۆ)(Oswald Ducrot) (١٩٣٠-لەژیاندایەوە) و (جین کلۆد ئەنسکۆمبەر)(Jean Claud Anscombre )لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا (ئەرگۆمێنت لەزماندا)( l'argumentation dans la langue) لە ساڵی (١٩٧٣)بناغەیان داڕێشت. ئەم تیۆرە گرنگی بە ئامرازەکانی زمان و توانای زمانە سروشتییەکان دەدات، کە قسەکەر بۆ ئاڕاستەکردنی گوتارەکانی، پشتی پێدەبەستێت. دەتوانێت هەندێک ئامانجی ئەرگۆمێنتی بەدی بێنیٚ. خاڵی دەسپێکی تیۆرەکەی لەم بیرۆکە باوە دەستپێدەکات، کە((ئێمە بەشێوەیەکی گشتی قسەدەکەین بە مەبەستی کارتێکردن))(ابوبکرالعزاوی،٢٠٠٦ أ :١٤)، ئەوان پێیانوایە ئەرگۆمێنت لە ڕەگی زماندایە، بەپێچەوانەی پێرلمان و تیتیکا بۆ دروستکردنی ئەرگۆمێنت پەنایان دەبردەبەر تەکنیکی نیمچە لۆجیکی و ئەرگۆمێنتی دامەزراو لەسەر واقیع، بەو واتایەی(زمان لە سروشتی خۆی و کرۆکی خۆیدا ئەرکێکی ئەرگۆمێنتی هەیە، کە ڕەنگدەداتەوە لە بونیاد و پێکهاتە و ڕۆنانی گوتنەکاندا لە(دەنگ و مۆرفیم و وشەی فەرهەنگی و ڕۆنان و واتاکەیدا)(جمیل الحمداوی،٢٠١٤: ٣٥).

(دیکرۆ)پێیوایە:((هیچ کەسێک لە ڕای خوا قسەناکات))، واتە هەموو قسەیەک یان گوتنێک مەبەست و ئامانجێکی لەپشتەوەیە، ئەگەر مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی لەپشتەوە نەبیٚ، ناتوانین بڵێین ئەمە قسەیە یان گوتنە، بەم پێیە هەموو قسەیەک واتای هەیە و ئەرگۆمێنت نەک لەناو واتای قسەکەدایە، بەڵکو خودی واتاکەیە، کەواتە هەمووگوتنێک ئەرگۆمێنتە، ئەمە دەبێتە بەڵگە لای(دیکرۆ) و بە ئاشکرا دەڵێت ئەرگۆمێنت لەسەر بنەمای (سوود و مەبەست)دامەزراوە، کە یەکێکە لە بنەماکانی(پڕاگماتیزم) (pragmatisme )، کەواتە (هەمووگوتنێک = ئەرگۆمێنت)، یان هیچ قسەیەک نییە بارگاوی نەکرابیٚ بە ئەرگۆمێنت(عبدالرزاق بنور،٢٠٠٨ : ٤٤-٤٥). (دیکرۆ) ئەم بنەمایەی ڕەتکردەوە کە تیۆری (پەیوەندیکرن)ی(شانۆن و ویفر)ی لەسەر دامەزراوە، کە پێیوایە مەبەست و ئامانجی هەموو پەیوەندیکردنێک قەتیسکراوە تەنیا لە گواستنەوەی هەواڵ لە نێرەوەوە بۆ وەرگر، لە بەرامبەردا دیکرۆ پێیوایە، زمان بریتییە لە شێوازی ئەنجامدانی کارێک، نەک تەنیا گواستنەوەی زانیاری بێت، زمان لەسەر پەیوەندی مرۆڤایەتی دامەزراوە و شێوازی جۆراوجۆری پەیوەندیکردن لەسەر بەکارهێنەرانی دەسەپێنێت(جوادختام،٢٠١٦ :١٣١). بە شێوەیەکی گشتی تیۆرەکە لەسەر سیٚ بنەما دامەزراوە:

١-ئەرکی سەرەکی زمان ئەرگۆمێنتە.

٢-پێکهاتەی ئەرگۆمێنتی واتا سەرەکییەکەیە و پێکهاتەی هەواڵدان واتای لاوەکییە.

٣-جیانەکردنەوەی واتای سیمانتیکی لە واتای پڕاگماتیکی . (مليكة غبار و اخرون، ٢٠٠٦ :٥٣).

هەوڵدەدەین لەچەند خاڵێکدا تەوەرەی یەکەم بخەینەڕوو:

**٢-١. پێناسەی ئەرگۆمێنت لای دیکرۆ و ئەنسکومبەر:**

ئەرگۆمێنت بریتییە ((لە پێشخستنی گوتنێک، گوتنی(١)یان کۆمەڵە گوتنێک ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت، وادەکات گوتنی(٢) یان گوتنەکانی تر، وەربگرێت و پێی ڕازیبێت، ئینجا گوتنی (٢)ئاشکرا بێت یان شاراوە))(شکری

المبخوت، ١٩٩٨: ٣٦٠). کەواتە ئەرگۆمێنت ڕەگەزێکی واتاییە، قسەکەر پێشی دەخات لەپێناو بەرژوەندی ڕەگەزێکی واتایی تر، کە لەوانەیە لە شێوەی گوتن، پەرەگراف، دەق، یان دیمەنێکی سروشتی، یان ڕەفتارێکی نازمانی ...بێت. ئەرگۆمێنت مەرج نییە هەموو کاتێک بەشێوەی ئاشکرا دەربڕدرێ، هەندێکجار لەوانەیە ئەرگۆمێنتەکە شاراوە دەبێت، هەندێکجاریش ئەنجام شاراوە دەبێت و لە دەوروبەر و بارودۆخەکە وەردەگیرێت(عبدالواحیدمشیر،٢٠١٥: ٣٤)، بۆ نموونە:

**١-من ماندووم، کەواتە من پێویستم بەپشووە.**

**٢-من ماندووم، پێویستیم بەپشووە.**

**٣- من ماندووم.**

**٣-من پێویستم بەپشووە.**

ئەگەر سەیری ئەو نموونانە بکەین ، لە(١) ئەرگۆمێنت و ئامراز و ئەنجام باسکراون و ئاشکران، لە(٢) ئەرگۆمێنت و ئەنجام باسکراون و ئاشکران، بەڵام ئامراز شاراوەیە لە (٣) تەنیا ئەرگۆمێنت باسکراوە و ئاشکرایە و ئەنجام باسنەکراوە و شاراوەیە، لە(٤) تەنیا ئەنجام باسکراوە و ئاشکرایە، ئەرگۆمێنت شاراوەیە و دەرنەبڕاوە، کە ماندووبوون پێویستی بەپشووە.

**١-٣. ئەرک و ئامانج و بابەتی ئەرگۆمێنت:**

**١-٣-١. ئەرکی ئەرگۆمێنت** :بەپێی ئەم تیۆرە ئەرکی سەرەکی زمان بریتییە لە ئەرکی ئەرگۆمێنتی، زمان وزەیەکی ئەرگۆمێنتی زۆری تێدایە،لە هەمووئاستەکانی دەنگ و مۆرفیم و وشەی فەرهەنگی و ئامراز و واتادا ڕەنگدەداتەوە.

**١-٣-٢. ئامانجی ئەرگۆمێنت** :ئامانجی ئەرگۆمێنت بریتییە لە چەمکی ئاڕاستەکردن، ئەویش لەسەر دوو ئاست دەبێت:

أ-لەسەر ئاستی گوێگر: مەبەست لە ئاڕاستەکردنی گوێگر ئەوەیە، کاریگەری لەسەر دروستبکەی یان ڕازیبکەی، یان وایلێبکەی کارێک بکات، یان بێزاریبکەی، یان شەرمەزاربکەی(عبدالله صولة ،٢٠٠٧: ٣٦).

ب- لەسەر ئاستی گوتارەکە: پەیوەستە بە ئەرگۆمێنت سەبارەت بە ئەنجامی بەهایەکی دیاریکراو ، یان پشتگیری لێدەکات، یان ڕەتیدەکاتەوە بەپلەی جیاواز، ئەگەر گوتنەکە زیاتر لە ئەرگۆمێنتێکی تێدابوو، ئەوا ئەو ئەرگۆمێنتانە یان هاوبەشی و بەشداریدەکەن لە ئاڕاستەکردنەکەدا چ بەپشگیریکردن بێت یان ڕەتکردنەوەی، یاخود ئەو ئەرگۆمێنتانە لە یەکترجیادەبنەوە هەندێکیان پشتگیریدەکەن و هەندێکیان ڕەتیدەکەنەوە، بەواتای پشتگیری ئەنجامی پێچەوانە دەکەن لە بەرامبەر ئەنجامە بنەڕەتییەکەدا(رشید الراضی ،٢٠٠٥: ٢٢٨).

**١-٣-٣- بابەتی ئەرگۆمێنت:** بابەتی ئەرگۆمێنت لە تیۆری ئەرگۆمێنت لە زماندا بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی گوتنێک و هێزی ئەرگۆمێنتییەکەی، کە دەبێتە پێکهاتەی سەرەکی و جیاناکرێتەوە لە واتاکەی، وا دەکات قسەکەر لەو کاتەی گوتنەکانی ئاڕاستە دەکات، بەشێوەی ئەرگۆمێنت ئاڕاستەی بکات.

**١-٤. پەیوەندیی تیۆرەکە بە لۆجیکی زمان و بەڵگە و بەڵگەهێنانەوەوە.**

لۆجیکی زمان، زاراوەیەکە دیکرۆ دایهێنا لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەی توێژەرەکانی تر دەربارەی لۆجیک لە زماندا، ئینجا لۆجیکی ئەرستۆیی بێت، یان لۆجیکی دانراو....هتد، دیکرۆ تێبینی ئەوەیکردووە، کە لە نێوان هەندێک گوتنی زمانیدا، کە بەدوای یەکدادێن((زنجیرەیەکی هەڵێنجانین لەناو گوتاردا، بەو واتایەی گوتنە بە دواییەکهاتووەکان، هەندێکیان دەبنە ئەرگۆمێنتی زمانی و هەندێکیان دەبنە ئەنجام، واتە؛ ئەو زنجیرە گوتارییە یەک لەدوای یەکانە دیاریدەکرێن، نەک تەنیا بەیارمەتی ئەو ڕاستییانەی دەریاندەبڕێت لەناو گوتنەکەدا، بەڵکو دەتوانین بە یارمەتی ڕۆنانی خودی ئەو گوتنانە و بەیارمەتی کەرەستەی زمانی، کە شاندن(توظیف)یان بۆ دەکرێت و بەکاردەهێنرێن، دیاری بکرێن)) (ابوبکرالعزاوی، ٢٠٠٦ب :٥٧) ،کەواتە(لۆجیکی زمان):واتا بوونی مۆرکێکی بەڵگەهێنانەوە لە بونیاد و ڕۆنانی زمانە سروشتییەکاندا، بوونی پەیوەندی هەڵێنجان لە نێوان پێکهاتەکانیدا، بێ پەنابردن بۆ دروستکردنی پێکهاتەی تر(عمارة ناصر،٢٠٠٩: ١٠٤)، ئەمەیە دیکرۆ جەختی لەسەر دەکاتەوە((هەندێک پەیوەندی لە نێوان دەربڕینەکانی زمانی سروشتیدا هەیە ،کە پەیوەندی حەتمین ، واتە کاتێک ئێمە هەندێک لەو دەربڕینانە وەردەگرین و پەسەندی دەکەین، ناچارین ئەوانی تریش پەسەندبکەین(هەمان سەرچاوە : ١٠٥). لێرەدا بەپێویستی دەزانین جیاوازی لەنێوان بەڵگەهێنانەوە و ئەرگۆمێنت بکەین، چونکە دەگەڕێنەوە بۆ دوو سیستەمی تەواو جیاواز، سیستەمی لۆجیک و سیستەمی گوتار، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی ئەرگۆمێنت لای دیکرۆ چەند نموونەیەک دێنینەوە و بەراوردی دەکەین لەگەڵ چەمکی بەڵگە(البرهان)و بەڵگەهێنانەوەی لۆجیکی (الاستدلال المنطقی)، گوتاری سروشتی گوتارێکی بەڵگەیی نییە، بەمانای وشە، بەڵگە و بەڵگەی لۆجیکی پێشکەش ناکات و لەسەربنەمای هەڵێنجانی لۆجیکی دانەمەزراوە، وشەی ئەرگۆمێنت بەمانای بەڵگەهێنانەوە نییە لەسەر سەلماندنی ڕاستی یان دەرخستنی سروشتی ڕاستی، بە بەڵگەهێنانەوە لە ڕوانگەی لۆجیکەوە. دەتوانین جیاوازی لەنێوان بەڵگە و ئەرگۆمێنت بکەین .بەم نموونانە:

**١-هەموو مرۆڤێک دەمرێت.**

**سوکرات مرۆڤ بوو،**

**کەواتە سوکرات دەمرێت.**

**٢-ئاسمان هەورە و پلەی گەرماش دابەزیوە.**

**کەواتە باران دەبارێت.**

نموونەی(١)بەستراوەتەوە بەبەڵگە و پێوانەی لۆجیکی، بەڵام نموونەی(٢)ئەرگۆمێنتە و بەڵگەیەکی سروشتییە، نەوەک بورهانی.هەڵێنجانی ئەوەی(سوکرات دەمرێت)، حەتمی و پێویستە لەبەرهۆکاری لۆجیکی، بەڵام هەڵێنجانی(باران دەبارێت)لە نموونەی دووەم، دامەزراوە لەسەر شارەزایی دەربارەی کەشوهەواو سروشت و جیهان، کەواتە هەڵێنجانەکە لەسەر ئەگەر دامەزراوە(ابوبکرالعزاوی، ٢٠٠٦ب :٥٥-٥٦).

**١-٥. پێکهاتەی ڕەگەزەکانی گوتاری ئەرگۆمێنتی تیۆرەکە:**

گوتاری ئەرگۆمێنتی لای (دیکرۆ وئەنسکۆمبەر)بە لایەنی کەم لە دوو گوتن پێکدێت، (گوتن١) و (گوتن٢)، کە یەکیان ئەویتر بەهێزدەکات ،یەکەمیان(گوتن١)پێیدەگوترێت (ئەرگۆمێنت)، دووەمیان پێیدەگوترێت(ئەنجام) بۆ نموونە:

أ-ئەم کتێبە بەسوودە. ب- کەواتە بیخوێنەوە.

دەتوانرێت گوتاری ئەرگۆمێنتی بونیاد بنێین، بەدەستپێک لە هەر دوو(أ)(گوتن١) و (ب) (گوتن٢)، بەم شێوەیە: (**ئەم کتێبە بەسوودە، کەواتە بیخوێنەوە**، یان **ئەم کتێبە بخوێنەوە ،چونکە بەسوودە).**گوتن و دەربڕینی(ئەم کتێبە بەسوودە) دەبێتە ئەرگۆمێنت و گوتن و دەربڕینی(کەواتە

بیخوێنەوە) دەبێتە ئەنجام،(کەواتە ،چونکە)دەبنە بەستێنەری ئەرگۆمێنتی. ئەوپەیوەندییەی ئەرگۆمێنت و ئەنجام بە یەکەوە دەبەستێتەوە، پێیدەگوترێت(پەیوەندیی ئەرگۆمێنتی)، دەتوانین بەم شێوەیە هێمای بۆ بکەین.




**١-٦. بنەماکانی ئەرگۆمێنت:**

بوونی بەستێنەر و کۆتکردنی ئەرگۆمێنتی بەتەنیا بەس نییە بۆ دروستی سەرکەوتنی کردەی ئەرگۆمێنتی و دامەزراندنی پەیوەندیی ئەرگۆمێنتی، بەڵکو پێویستە پشتیوان و دابین(ضمان)ێک هەبێت بۆ بە یەکەوە بەستەوەی ئەرگۆمێنت و ئەنجام. ئەو دابین و پشتیوانەش پێی دەگوترێ(بنەمای ئەرگۆمێنتی)، بەرامبەر بەزاراوەی(هەڵێنجانی لۆجیکی)دەوەستێ، لە لۆجیکی شێوەیی و بیرکاریدا. بنەمای ئەرگۆمێنتی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:


١- کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بۆچوونی هاوبەشە، لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی دیاریکراو و کۆمەڵگایەکی زمانی دیاریکراو، هەموو دان بە ڕاستی و دروستی ئەو بنەمایە دەنێن و خۆی بۆ بە دەستەوە دەدەن. هەموو کەس باوەڕی وایە، کە کارکردن بەرەو سەرکەوتنمان دەبات، ماندوو بووون پێویستی بە پشوودانە، ڕاستی و بەخشندەیی و ئازایەتی لە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتین و خۆشەویستن لای هەمووان. هەموو کەس ئەوە پەسەند دەکات لە دابەزینی پلەی گەرما ئەگەری باران بارین هەیە. هەندێک لەو بنەما ئەرگۆمێنتیانە پەیوەستن بە بواری بەها و خووڕەوشت، هەندێکی تر پەیوەستن بەسروشت و زانیاریمان دەربارەی جیهان(أبوبكر العزاوي، ٢٠٠٦أ : ٣٣).

٢- گشتگیرە و دەگونجێ و دەستدەدات بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دەوروبەری جیاواز و جۆراوجۆر، بەستراوە بەڕای گشتی و بەم پێیەی کۆمەڵێک بیروباوەڕی گشتییە، قسەکەر بەڵگەکانی تێدا هەڵدەهێنجێ بۆ ئەوەی ئەرگۆمێنتەکانی پێ بەهێز بکات.

٣- پلەدارە و پەیوەندی لە نێوان دوو پلیکانەی ئەرگۆمێنتی دروستدەکات و دادەمەزرێنێ.بۆ نموونە:

**(ئەو ئوتومبێلە نرخەکەی هەرزانە، کەواتە شایانی ئەوەیە بیکڕی).**

لەم گوتنە ئەرگۆمێنتییەدا، بنەمای ئەرگۆمێنتی بەم شێوەیە ڕۆڵ دەبینێ(بەو ئەندازەی نرخی ئوتومبێل هەرزانە، بەو ئەندازەیەش شایەنی کڕینە)،(هەرچەندە ئەم ئەرگۆمێنتەش ڕێژەییە و بە گوێرەی کۆمەڵگاکان و چینەکان گۆڕانکاری بە سەردا دێت). ئەم بنەمایە هەر دوو پلیکانەی ئەرگۆمێنتی(پلیکانەی نرخی ئوتومبێل) و (پلیکانەی شایستەی کڕین) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بە هۆی بەیەک گەیاندنی هەر پلەیەک لە پلیکانەی یەکەم، بە پلەیەک لە پلیکانەی دووەم، وەک لەم هێلکارییەدا ڕوونکراوەتەوە(ابتسام بن خراف زيار، ٢٠١٠ :١٦٦).




($) هێمای یەکەی پێوانەیە لە پلیکانەی نرخی ئوتومبێل،( ¥) یەکەی پێوانەیە لە پلیکانەی شایستەی کڕین.

٤- ڕێژەییە،بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە بنەمای ئەرگۆمێنتی تێدا بەکار دەهێنرێت، ئەگەری ئەوەی هەیە ڕەتبکرێتەوە و بەتاڵ بکرێتەوە و جێبەجێ نەکرێت، بەم پێیەی کە پراکتیزەکردنی گونجاو نییە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە مەبەستمانە، ڕەتدەکرێتەوە و بە تاڵدەکرێتەوە بەپشت بەستن بە ئەرگۆمێنتێکی دژ و پێچەوانە. ئەگەر بنەما ئەرگۆمێنتییەکە پەیوەست بێ بە ئایدیۆلۆجیای کۆمەڵێکی دیاریکراو، لەوانەیە دوو ئەرگۆمێنت کە لەسەر هەمان پێشەکی و بەپشت بەستن بە هەمان بەستێنەر و کۆتکەری ئەرگۆمێنت دروستکرابن، بەڵام دوو ئەنجامی جیاواز، بەڵکو دژ و پێچەوانە دەدەن بە دەستەوە، ئەمەش تەنیا بەپشت بەستن بە بنەمای ئەرگۆمێنتی سەر بە ئایدیۆلۆجیای بەرهەڵستکار لێکدانەوەی بۆ دەکرێ(أبوبكر العزاوي، ٢٠٠٦أ : ٣١-٣٣). بۆ نموونە**(نوێژکردن و ڕۆژوو گرتن، دەبێتە هۆی تەندروستی باش و سەرفرازی دونیا و قیامەت)** ئەمە بۆ کۆمەڵگایەکی موسڵمان ڕاستە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی وەکو وڵاتی(چین)، ئەم ئەرگۆمێنتە پەسەند ناکرێ و دژایەتیشی دەکرێ،بۆ نموونە لێناگەڕین موسڵمانی(ئیگۆر)ی هەرێمی(شینگیانگ)ی چینی، بەڕۆژوو و بن و نوێژ بکەن، ڕەنگە لای چینییەکان نوێژکردن بەفیڕۆدانی کات بێت و ڕۆژووگرتن زیان بە تەندروستی بگەینێت و توانای کارکردن و بەرهەمهێنان کەم بکاتەوە.

**١-٧. سیما و تایبەتمەندییەکانی ئەرگۆمێنت لای(دیکرۆ و ئەنسکومبەر):**

بەپێی ئەم تیۆرە ئەرگۆمێنت چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

**١- پەیوەستە بە دەوروبەر(السياقية):**ئەو ڕەگەزە واتاییەی کە قسەکەر پێشیدەخات بۆ پاڵپشتیکردنی ڕەگەزێکی واتایی تر، دەوروبەرەکە وایلێدەکات ئەمە ببێتە ئەرگۆمێنت و سروشتێکی ئەرگۆمێنتی پێبەبەخشێ، یەک دەربڕین لەوانەیە ئەرگۆمێنت و ئەنجامەکەشی بێت، لەوانەشە وانەبێت، بەپێی دەوروبەرەکە دەگۆڕێ.

**٢- ڕێژەییە(النسبية)**: هەر ئەرگۆمێنتێک هێزێکی ئەرگۆمێنتی دیاریکراوی هەیە، قسەکەر ئەرگۆمێنتەکە پێشدەخات بۆ ئەنجامێکی دیاریکراو، بەڵام لەوانەیە نەیارەکەی، یان کەسی بەرامبەری ئەرگۆمێنتێکی دژ و پێچەوانە پێشکەش بکات، کە زۆر لەئەرگۆمێنتی قسەکەرەکە بەهێزتربێت، بەدەربڕینێکی تر، ئەرگۆمێنتی بەهێز هەیە و ئەرگۆمێنتی بەهێزتریش هەیە، ئەرگۆمێنتی بێهێز هەیە، ئەرگۆمێنتی بێهێزتریش هەیە.

**٣- ئەگەری بەتاڵکردنەوەی هەیە:** بەشێوەیەکی گشتی، ئەرگۆمێنتی زمانی ڕێژەیی و نەرم و پلە بە پلەیە و پەیوەستە بە دەوروبەر، بە پێچەوانەی بەڵگە(البرهان)ی لۆجیکی و بیرکاری، کە ڕەهایە و حەتمیە. ئەو پەیوەندییەی

ئەرگۆمێنت و ئەنجام بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پێی دەگووترێ(پەیوەندی ئەرگۆمێنی)، بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە لە پەیوەندیی لێکەوتە(الاستلزام) یان هەڵهێنجانی لۆجیکی(الاستنباط المنطقي)(ابوبکر العزاوی، ٢٠١٣: ١٩٣).

**١-٨. واتای هەواڵدان و واتای ئەرگۆمێنتی.**

بەپێی بۆچوونی زۆربەی زانایان و توێژەران، ئەرکی زمان بریتییە لە هەواڵدان و وەسفکردنی جیهان، وا سەیری زمان دەکەن، کە کۆدە یان سیستەمێکی هێماییە، پەیوەندیکردنیش واتە گواستنەوەی زانیاری بۆ وەرگر، لایەنی هەواڵدان و وەسفکردن سەرەکییە و واتاکانی تر لاوەکین و پەراوێزن، ئەمە لای تەوژمی وەسفی، کە لە(سۆسێر)ەوە دەستپێدەکات، ئەمانە پێیانوایە هەموو گوتنێکی هەواڵدان و سەلماندن، ئامانجی وەسفکردنی واقیعە، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕەخنەی زۆری لێگیراوە لەلایەن کۆمەڵێک زانا و فەیلەسووفی زمان، لەوانە قوتابخانەی (ئۆکسفۆرد) و ئۆستن وسێرل و گرایس و...هتد ئەوان پێیانوایە کۆمەڵێکی زۆر لە گوتنەکان ئەرکی هەواڵدان جێبەجێ ناکەن و وەسفی واقیع ناکەن و ملکەچی پێوانە و مەرجی ڕاستی و هەڵە(درۆ)نابن، وەکو گوتنەکانی بەدیهێنان (الانجاز) و گوتنەکانی هەڵسەنگاندن(التقویمیة)، بۆیە ئەم بۆچوونەیان ڕەتکردەوە، کە ئەرکی سەرەکی ئەو گوتنانە لە زمانە سروشتییەکاندا، تەنیا هەواڵدان بێ، ئەمەش وای لە تیۆرە داڕێژەرانی ئەرگۆمێنت کرد، کە بڵێن بەهای هەواڵدان لاوەکییە و پاشکۆی پێکهاتەی ئەرگۆمێنتییە (ابوبکر العزاوی، ٢٠٠٦ب :٧٠)، بۆ نموونە : کاتێک کەسێک دەڵێت :**(ئاسمان ساماڵە)**، هەموو دەزانین ئاسمان ساماڵە، ئەو گوتنە نرخی هەواڵدانی نییە، بەڵکو نرخێکی ئەرگۆمێنتی هەیە، ئەمە ئەرگۆمێنتە بۆ گوێگر بۆ ئەوەی داوای لێبکات (**بچین بۆ سەیران)**، بۆیە(دیکرۆ وئەنسکومبەر) پێیانوایە هەواڵدان و وەسفی واقیع بەپلەی دووەم دێت بەبەراورد لەگەڵ ئەرگۆمێنت، چونکە نیاز و مەبەست و ئامانجی زۆر لە گوتن و گوتارەکان، بەپلەی سەرەکی گەیاندنی زانیاری نییە بەوەرگر(گوێگر)، بەڵکو لەڕاستیدا مەبەست و نیازی کاریگەری و کارتێکردنە لە وەرگر و هاندانی بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو(عایدجدوع حنون،٢٠١٨ :٧٩).

**١-٩. پڕاگماتیکی لێکدراو:**

پڕاگماتیکی لێکدراو ئاڕاستەیەکی زمانەوانییە، دژ و ناکۆکە لەگەڵ ئەو تیۆرە زمانەوانییانەی، کە واتاسازی و پڕاگماتیک لە یەکتر جیادەکەنەوە، ناکۆکە لەگەڵ ئەو تەوژم و ئاڕاستە لۆجیکییەی دامەزراوە لەسەر ئەو هێلکارییەی، کە هەر سێ پێکهاتەی(ڕستەسازی و واتاسازی و پڕاگماتیک) لە یەکتر جیادەکاتەوە(شکری المبخوت ،١٩٩٨ :٣٥٣). (پێکاتەی ڕستەسازی) کار لەسەر یاساکانی دروستکردنی ڕستە و فرێز و ڕێزمانییەتی ڕستەدەکات و پەیوەندی هێما بە هێما لێکدەداتەوە.(پێکهاتەی واتایی) پەیوەندی نێوان هێما بە جیهانی واقیع و بیر لێکدەداتەوە ، (پڕاگماتیک)گرنگی دەدات بە پەیوەندی هێما بە بەکارهێنەر و لێکدەرەوەکەی(عبدالواحید مشیر دزەیی، ٢٠١١ :٧)،پڕاگماتیک گرنگی بە بەکارهێنانی زمان دەدات لە دوروبەردا، بەپێی گونجانی بۆ بارودۆخەکان، وەکو لەم هێلکارییەدا دەردەکەوێت، بەڵام دیکرۆ ئەم تێڕوانینەی گۆڕی بەتێڕوانینێکی لەسەرشێوەی پیتی(Y )ی ئینگلیزی ،کەدواتر باسی دەکەین.




بەم پێیەی کە واتای هیچ گوتنێک دیاری ناکرێت، تەنیا لە دەوروبەر نەبێ. (جواد ختام،٢٠١٦ :١٣١-١٣٣)، بەڵام پڕاگماتیک تەنیا نەبەستراوەتەوە بە دیاردەی هەڵهێنجان، بەڵکو بەستراوەتەوە بە بنەمای پەیوەندیکردن لەنێوان قسەکەر و گوێگر، هەروەها بەستراوەتەوە بە ناو زمانی سروشتی و دەوربەری زمانی و دەوربەری سەروو زمانی (محمدسالم محمدأمین، ٢٠٠٨: ١٩١).

**١-٩-١. چەمکەکانی ناو پڕاگماتیکی لێکدراو:**

دەتوانین گرنگترین چەمکەکانی ناو پڕاگماتیکی لێکدراو لەچەندخاڵێک کورتبکەینەوە:

أ-زۆرێک لە کردە قسەییەکان ئەرکێکی ئەرگۆمێنتیان هەیە و لە ڕۆنانی ڕستەکەدا بەدیاردەکەون، زۆرێک لە ڕستەکان هەڵگری هەندێک ئاماژەن، نرخ و بەها پڕاگماتیکییان دیاریدەکرێت، بەسەربەخۆیی و دوور لەناوەڕۆکی هەواڵدانیان، ئەو سیما و ئاماژانە پەراوێز و دەگمەن نین، بەڵکو دەکەونە ناو ڕۆنان و پێکهاتەی زمانی بۆ نموونە بەستێنەر و کۆتکردنە ئەرگۆمێنتیەکان(محمد طروس،٢٠٠٥ :٩٧). دیکرۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو بەستێنەرە زۆر و بڵاوانەی لە بەکارهێنانی زماندا بەکاردێن، هەڵگری سیمای پڕاگماتیکی جۆراوجۆرن و لەناوەڕۆکی مەبەستی دەربڕینەکان و بنیاتی واتاییاندایە و ناکرێ خۆمانی لێ نەزان بکەین(جواد ختام ،٢٠١٦ :١٣٣). ئەو سیما و ئاماژانە، مانای ئەرگۆمێنتیان تێدایە، بێ ئەوەی پەیوەندی بە دەوروبەر و پڕاگماتیکەوە هەبێ(جمیل الحمداوی،نظریات الحجاج ،٣٤).

**ب-** سەربەخۆیی گوتراوەکە لەناوەڕۆکی هەواڵدان،پاشان بڕیارنەدان لەسەر ڕاستی وهەڵە(درۆ)یی، چونکە مەرجەکانی ڕاستی بەسەرجێبەجێ نابێت، بەڵکو بڕیاری بەهێزی و بێهێزی لەسەر دەدرێت، کە پەیوەندی نێوان ئەرگۆمێنتەکان دەگرێتەوە، کامە ئەرگۆمێنت بەهێزە و کامە بێهێزە( جایلي عمر، ٢٠١٨ :١٩٦ ). پڕاگماتیکی لێکدراو لە واتادا زیاتر گرنگی دەدات بەپێکهاتەی ئەرگۆمێنتی، کە هەڵقوڵاوی خودی زمانە، نەوەک گرنگی بدات بە مەرجی ڕاستی گوتنەکان.

ج- ئاستی پڕاگماتیک لەگەڵ وەسفی واتایی لێکدەدرێت، ڕاستەوخۆ کار لەسەر پێکهاتەی زمانی دەکات، پێیدەوترێت پڕاگماتیکی لێکدراو، وەسفی واتایی دەبێتە ئامرازێک و هەمان توانای کەسی قسەکەری هەیە و واتا بە گوتن دەبەستێتەوە وێنای ڕووداوێکی زمانیمان بۆدەکات، بەم پێیەی درێژکراوەی کەسی قسەکەرە(جایلي عمر،٢٠١٨ :١٩٦)، مەبەستی سەرەکی لەشیکرنەوەی واتایی لە پڕاگماتیکی لێکدراودا گەیشتنە بەو میکانیزم و

یاسایانەی، کە تایبەتمەندیی باشیان ئەوەیە، توانای پاڵپشتیکردن و پیدانی واتای بە هەموو گوتنێک هەبێت(شكري المبخوت،١٩٩٨ ،٣٥٧). پشتگیریکردنی نرخی واتایی ڕستەکان ئەرکێکە زمانەوانی پێی هەڵدەستێت و بەلێکدانەوە بەستراوەتەوە، نەک تەنیا تێبینیکردن، ئەگەر یەکلاییکردنەوەی دیاریکردنی واتای گوتنێکی دیاریکراو لەزمانێکی دیاریکراو لەکاتی بەکارهێناندا بکەوێتە سەرخودی قسەپێکەرانی ئەو زمانە، ئەوا یەکلاییکردنەوەی واتاکانی لەدەرەوەی بەکارهێناندا دەکەوێتە سەر هۆکاری تر، کەپێویستی بە کۆنترۆڵکردن و ورد بینی هەیە(ابتسام بن خراف،٢٠١٠ :١٣٤) ، بۆ نموونە ئەو ڕستەی خوارەوە.

- **درەنگمە، بەڵام چایەکتان لەگەڵ دەخۆمەوە.**

قسەکەر ئەرگۆمێنتی(درەنگمە)ی پێشخستووە بۆ چەند مەبەستێک:

**١-ئێوەم خۆشدەوێت و بەشداریتان لەگەڵ دەکەم.**

**٢-دوای چایەکە یەکسەر دەڕۆم.**

ئەم واتا شاراوانە لەگەڵ سروشتی پڕاگماتیک دەگونجێ، کە شتێک دەڵێت، بەڵام مەبەستی شتێکی ترە(عبدالواحد مشير دزەيى، ٢٠١٥ :٦٣)، بۆ قوڵکردنەوەی بیرۆکەی ئەرگۆمێنت وەک دیاردەیەکی زمانی (دیکرۆ و ئەنسکومبەر)هەڵسان چەند گریمانەیەکیان بۆ پڕاگماتیکی لێکدراو پێشکەشکرد ، دابەشیانکرد بۆ گریمانەی دەرەوە و گریمانەی ناوەوە:

**١-٩-٢. گریمانەکانی پڕاگماتیکی لێکدراو:**

**١-٩-٢-١. گریمانەی دەرەوە:** دیاردەیەکی نوێیە، خۆی دەبینێتەوە لەوەی، کە هەموو قسەکەر و گوێگرێکی زمانێکی دیاریکراو توانای ئەوەیان هەیە لە زمانەکەی خۆیاندا، واتا بدەنە گوتنەکان، لە بارودۆخە جیاوازەکانی بەکارهێناندا کە بەیارمەتی ئەو زمانە دروستدەکرێن، هەروەها دەتوانن باس لە چۆنییەتی لێکدانەوەکە بکەن وگەڕان و پشکنین بکەن بۆ چۆنییەتی ئەو گۆڕانەی بەسەریدادێت بۆ تەئویلکردنی گوتنەکان لە بارودۆخە جیاوازەکانی بەکارهێناندا ،یان لەو دەوروبەرە تایبەتەی تیایدا بەکارهاتووە.(رشيد الراضي،٢٠٠٥ :٢٢٣)، واتە هەموو قسەکەر و گوێگرێک توانای ئەوەیان هەیە، واتا بدەنە گوتنێکی دیاریکراو، بۆ نموونە:

- **من بەڕۆژووم.**

لەوانەیە(هەواڵدان بێت، لەوانەیە گاڵتەپێکردن بێت، لەوانەیە ناڕەزایی دەربڕین بێت) (شكري المبخوت،١٩٩٨ :٣٥٩)، بەهەمان شێوە دەتوانن باس لە چۆنیەتی لێکدانەوەکە بکەن لە بارودۆخی بەکارهێنانی جیاوازدا، وەک ئەم گوتنانەی خوارەوە:

**أ-دیسان لەبیرم چوو کلیلەکانم لەکوێ داناوە.**

**ب-چیا زیرکە.**

**ج-چیا زیرەکە ،بەڵام کەمتەرخە.**


لە(أ) قسەکەر هەواڵێکی ڕاگەیاندووە، لە(ب) ئەرگۆمێنتێک لە بەرژەوەندی چیادەدات ،لە (ج) ئەرگۆمێنتێک لە دژی چیادەدات(عبدالواحد مشير دزەيى ٢٠١٥، :٦٣-٦٤).

**١-٩-٢-٢. گریمانەی ناوەوە:** هەرچی گریمانەی ناوەوەیە،سروشتی تیۆری زانستی کردەی پشتگیریکردن و پێدانی واتا بە ڕستەکان زەقدەکاتەوە، چونکە ڕستە وەک گوتن نییە ،سروشتێکی ئەبستراکتی هەیە و دەخرێتە پاڵ زمانی وەسفی، بەڵام گوتن بوونێکی واقیعی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا(رشيد الراضي،٢٠٠٥ :٢٢٥). بۆ نموونە گریمانەکردن دەربارەی واتای(بەڵام) و توانای لەسەر ئاڕاستەکردنی ئەو گوتنەی ئاڕاستەکردنی ئەرگۆمێنتی پێچەوانە و نەرێنی تێدایە، ئەگەر سەلمێنرا، کە توانای لێکدانەوەی بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەو گوتنانەی هەیە، کە(بەڵام)یان تێدایە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا ،کەواتە گریمانەکە بەهێز و سەرکەوتووە(شكري المبخوت ،١٩٩٨: ٣٥٩).

پڕاگماتیکی لێکدراو لەواتادا ((تیۆرێکی واتاییە،گرنگی سەرەکی و بنەڕەتی بە پێدراوە پڕاگماتیکییەکان دەدات لە چوارچێوەی واتادا))(عبداللطيف عادل،٢٠١٣ :٩٦)، بەدوای لایەنەکانی پڕاگماتیکدا ناگەڕێ لە دەرەوەی زماندا، بەڵکو بەدوای واتای پڕاگماتیکیدا دەگەڕێ لەناو خودی ڕۆنانە زمانییەکاندا (فوزية زبار،٢٠١٩ :٩١)،پاشان هەڵوێستی بنەڕەتی لە پڕاگماتیکی لێکدراودا ئەوەیە کە زمان کردەی زمانی جێبەجێ دەکات، نەوەک وەسفی بارودۆخی شتەکان بکات، ئەمەش وا پێویست دەکات، کە دەبێت واتای گوتنێک، وێنەیەکی کردەیی گوتنەکە بێت، نەوەک واتای وەسفی(شكري المبخوت،١٩٩٨: ٣٥٤). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر دوو توێژەرەکە واسەیری دەکەن، لە خودی خۆیی و لە بنەڕەتدا گەڕانە بەدوای واتای پڕاگماتیکیدا.لە((پڕاگماتیکی لێکدراودا نرخی هەواڵدانی دەربڕینەکان لاوەکین ،لە بەرامبەر نرخی ئەرگۆمێنتی دەربڕینەکان))(صابرالحباشة،٢٠٠٨: ٢٣).

**١-١٠. خستنەڕووی تیۆرەکە لەسەر شێوەی(Y ).**

هەر دوو توێژەرکە هێلکارییەکی لەسەر شێوەی پیتی(Y )ی ئینگلیزیان خستەڕوو، کە تیایدا وەسفی واتای گوتنەکان بەپێی پڕاگماتیکی لێکدراو ڕووندەکەنەوە. هێلکارییەکە لێکدانی پێدراوە پڕاگماتیکییەکان(المعطيات التداولية)(پێکهاتەی ڕەوانبێژی/گوتاری) لەناو وەسفی واتایی(پێکهاتەی زمانی)ڕووندەکاتەوە. ئەو گریمانەیەی تیۆرەکەی لەسەر وەستاوە، بریتییە لەوەی، کە بارودۆخی گوتنەکە(واتە وقائيعي پڕاگماتیکی)بەشداریدەکات و ڕۆڵی هەیە لە کردەی پێدانی واتا بەو گوتنانەی لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکارهێنراون، ئەمەش جێبەجێ نابێت، تەنیا دوای بەدەستهێنانی واتای سەربەخۆی ڕستەکە دوور لە هەموو دەوروبەرێک، کەواتە واتای ڕستەکە ڕێگەمان پێدەدات(واتای خودی ڕستەکە لە کوێوە دیاری دەکرێت، ئەوە بۆ بەدەستهێنانی واتای پڕاگماتیکی گرنگ دەبێت) بۆپێشبینیکردنی واتای هەر گوتنێک لە گوتنەکان لە هەموو ئەو دەوروبەرە جیاوازانەی تیایدا بەکارهاتووە، دەتوانین پاسەدانی بەهای ئەو واتایە بکەین کە بە ڕستەکە دراوە بەتاقیکردنەوەی نرخی کردەیی هەرگوتنیک لەو گوتنانە لە هەموو بارودۆخە جیاوازەکانی بەکارهێنانیاندا. هێلکارییەکەیان بەم شێوەیە خستەڕوو: (شكري المبخوت، ١٩٩٨ :٣٥٤-٣٥٥).





ئامانجی سەرەکی لەم هێلکارییە بریتییە لە توانای لەسەر دیاریکردنی واتای مەبەست، لەڕستەکان و واتاکانیان بەپشت بەستن بە ڕۆنانی ناوەوەی گوتنەکان و گونجانی لەگەڵ دەوروبەری ئاخاوتن.

**١-١١. کردەی ئەرگۆمێنتی و کردەی پێش- گریمانەیی:**

تیۆری ئەرگۆمێنت لە زماندا لە هەناوی تیۆری کردە قسەییەکان پەیدابوو، کە (ئۆستن)و (سێرل)دایانمەزراند، بەڵام (دیکرۆ)پێیوایە تیۆری کردەقسەییەکان سەرکەوتوونەبووە، لە پۆلێنکردنی کردەقسەییەکان، بۆیە دوو کردەی تری زیاد کرد ، کردەی ئەرگۆمێنتی(فعل الحجاجي)(act argumentation)( لەژێر کاریگەری چەمکی کردەی مەبەست یان بەدیهێنان، ئەو کردەیەی ئەنجامی دەدەین لە کاتی گوتندا و کردەی پێشگریمانەیی (فعل الاقتضاء)(act presuppose)(جان سیرفونی،١٩٩٨ :٦٢). دیکرۆ، بەم شێوەیە پێناسەی کردەی ئەرگۆمێنتی دەکات: کردەیەکی زمانییە ئاراستەی ئەو ڕووداوانە دەکرێت، کە سروشتێکی یاساییان هەیە. واتە؛ کۆمەڵێک ماف و ئەرکن، کردەی ئەرگۆمێنتی جۆرێک لە ئەنجام بەسەر گوێگر دەسەپێنێ، بەم پێیەی تاکە ئاراستەیە کە دەتوانرێت گفتوگۆکانی پێدابڕوات. نرخی ئەرگۆمێنتی گوتنێکی دیارکراو، جۆرێکە لەپابەندکردن، بەستراوەتەوە بەو ڕێگایەی کە پێویستە گوتارەکە بیگرێتەبەر، سەبارەت بە گەشەکردن و بەردوامی (ابوبکرالعزاوی،٢٠٠٦أ :١٦). کردەی ئەرگۆمێنتی تایبەتمەندیی زاراوەیی و دامەزراوەیی و مەبەستداری هەیە، تایبەتمەندی مەبەستداریی گرنگترین تایبەتمەندی ئەرگۆمێنتە، سروشتی مەبەستداری کردەی ئەرگۆمێنی ڕەنگدەداتەوە لە هەموو ئاستەکان، گرنگترینیان خستنەڕووی ئەرگۆمێنتە لە کاتی بەدیهێنانی کردەی ئەرگۆمێنتی بە مەبەستی پشتگیریکردنی ئەنجامێکی دیاریکراو، بە شێوەیەک ناتوانین لە گوتنێک/ ئەرگۆمێنتێک تێبگەین، ئەگەر بە دابڕاوی سەیربکەین. بۆیە پێویستە وەکو کردەیەکی ئەرگۆمێنتی، کە پەیوەندیی بە ئەنجامێکی دیارکراو هەیە خوێندنەوەی بۆ بکرێ (رشید الراضی،٢٠٠٥ :٢٣٣).

کردەی ئەرگۆمێنتی جۆرێکە لە کردەی مەبەست، کە کردەی دەربڕین جێبەجێی دەکات لەڕەهەندە مەبەستدارییەکەیدا، ئەم کردەیە، کردەوەیەک جێبەجێدەکات، کەتوارێک دەگۆڕێت و مەبەستدارە و دەوروبەری هەیە.

کردەی ئەرگۆمێنت لای(دیکرۆ)دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر: أ-کردەی پێشگریمانەیی(فعل الاقتضاء). ب-کردەی شاراوە (فعل القول المضمر). ئەم دوو کردەیە لەژێر کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان پۆلێندەکرێن، چونکە ئەگەر(گوتن١)ی بەناچاری بێتە دەرکەوتنی(گوتن٢) بە ئاشکرا یان شاراوەیی، ئەوا(گوتن٢) شاراوەییەکەی یان بە ڕێگەی(گریمانە پێشەکییەکانە)یان بە ڕێگەی(گوتنی شاراوەیە)(عبدالله صولة،٢٠٠٧ :٣٦).




(ابتسام بن خراف ،٢٠١٠ :١٤٥)

**١-١١-١ .کردەی پێشگریمانەیی :**

کردەیەکی زمانی ڕێکخراوە لە چوارچێوەی گفتوگۆکردن و گوتاردا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەشداریکردنی گوێگر لەگەڵ بیروباوەڕەکانی قسەکەر، پابەندی گفتوگۆ و بارودۆخی بار و کارلێککردنی خودی گفتوگۆکەرەکان نییە، لەکاتی بەکارهێنانی زماندا، بەڵکو لە ناو پێکاتەی زمانەکەدایە(شکری المبخوت،١٩٩٨: ٣٧٥)(واتە بەپێی زانیارییە پێدراوەکانی ناو گوتنەکان دیاریدەکرێن)کردەیەکی قسەیی تایبەتە، پەیوەندیی نێوان گفتوگۆکەران ڕێکدەخات، ئەرک و ماف دادەمەزرێنێ و ڕۆڵەکان دیاریدەکات، چونکە هاوبەشە لەنێوان گفتوگۆکەراندا ناوەڕۆکەکەی پەسەند دەکرێ وەکو ڕاستییەک و ناتوانرێت چاوی پێدابخشێنرێتەوە، دەبێ ملکەچی بین و خۆی بۆ بەدەستەوە بدرێت.(هەمان سەرچاوە،٣٧٥)((دیکرۆ)پێیوایە کردەی پێشگریمانەیی تایبەتمەندی و ئەرکی ئەرگۆمێنتی هەیە وەکو هەموو کردە قسەییەکانی تری،وەک(هەواڵدان، پرسیارکردن، فەرماندان)،چونکە ڕێکخستنی پەیوەندییەکان ڕێکدەخات و ڕۆڵ دیاریدەکات (فوزیة زیار،٢٠١٩ :١٠٤) ، لە هەموو پەیوەندییەکی زمانیدا، هاوبەشەکانی ئاخاوتن، لەو گریمانە و زانیاریانەوە دەست بە گفتوگۆ دەکەن، کە لەسەری ڕێککەوتوون و زانیارییان دەربارە هەیە، ئەم گریمانانە پاشخانی پەیوەندیکردنن وپێویستن بۆ سەرکەوتنی کردەی پەیوەندیکردن(مسعود الصحراوی،٢٠٠٥ :٣٠). گریمانە پێشەکییەکان مەبەست لەو زانیارییە هاوبەشەیە، کە لە نێوان نێرەر و وەرگر هەیە، واتە ئەو قسەیەی لەلایەن نێرەروە ئاراستەدەکرێ، دەبێت گوێگر پێشتر زانیاری دەربارەی هەبێت.بۆ نموونە کاتێک دوو هاوڕێ گفتوگۆ دەکەن ،هاوڕێ(١) بە هاوڕێی(٢)دەڵێت:

- **خێزان و منداڵەکانت چۆنن؟**

گریمانەی پێشەکی لەم دەربڕینەدا ئەوەیە، کە هاوڕێی(٢)خێزانداره و منداڵی هەیە، پەیوەندی ئەم دوو هاوڕێیە ڕێگە بەوە دەدات، کە ئەم جۆرە پرسیارەی ئاڕاستە بکات، هاوڕێی (٢) وەڵامدەداتەوە.

**-خێزانەکەم باشە و منداڵەکان لە پشوودان و زۆرباشن.**

(دیکرۆ)ڕۆنانی نەرێ و پرسیاری کردۆتە پێوانەی کۆنترۆڵکردنی پێشگریمانەکە، چونکە ئەگەر هێزی ڕستەکەش بگۆڕێ، بەڵام پارێزگاری لە ناوەڕۆکی دەکەن، بۆنموونە: کە دەڵێین:

**-دەشتی وازی لەجگەرەکێشان هێناوە.**

ئەگەر بیگۆڕین بۆ پرسیار.

**-ئایا دەشتی وازی لە جگەرەکێشان هێناوە؟**

ئەگەر بیگۆڕین بۆ نەرێ.

**-دەشتی وازی لە جگەرەکێشان نەهێناوە.**

هەموو ڕستەکان یەک گریمانەی پێشەکی دەردەخەن.(**دەشتی جگەرەکێش بووە**).

**١-١١-٢. کردەی گوتنی شاراوە:**

بەرامبەر بەگریمانەی پێشەکی لای(دیکرۆ)شێوەیەکی تر لەگوتنی ناوەخنکراو دیاریکراوە، ئەویش گوتنی شاراوەیە، بەستراوەتەوە بە بارودۆخی گوتار، پێچەوانەی (گریمانە پێشەکییەکان)، کە بەپێی بنەمای زانیارییە پێدراوە زمانییەکانی ناو دەربڕینەکان دیاریدەکران، (ئۆرکیۆنی)دەڵێت: ((گوتنی شاراوە کۆمەڵێک زانیارییە، کە گوتارەکە لەخۆی دەگرێت، بەڵام جێبەجێ بوونی لە کەتواردا دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندی دەوروبەری ئاخاوتنەکە)).(مسعود الصحراوی،٢٠٠٥ :٣٢)، لە دەوروبەرەکە هەڵێنجانی بۆ دەکرێ، ڕووداوێکی ڕەوانبێژییە و پەیوەستە بە دەوروبەر و بارودۆخی گوتنەکە، تێگەیشتنی وەرگر لەم واتایە سروشتێکی نازمانی هەیە و بۆ تێگەیشتنی پێویستی بە تێکەڵکردنی ڕەگەزی نازمانی هەیە. بۆ نموونە:

- **(خەریکە دەبێتە باران)** ،لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێت:

**-لە ماڵەوە بمێنینەوە.**

**-پەلە بکات لە کارەکەی.**

**-یان چاوەڕێ بکات تا باران لێدەکاتەوە.**

**- یان چەترەکەت لەبیر نەکەی ئەگەر چوویت بۆ دەرەوە.**

(ئۆرکیۆنی)هەوڵی زۆریداوە بۆ جیاکردنەوەی گوتنی شاراوە لە گریمانە پێشەکییەکان، پێیوایە گریمانەی پێشەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕۆنانی گشتی گوتنەکەوە هەیە، بەڵام گوتنی شاراوە واتاکەی هەڵدەهێنجرێ بەهۆی توانستی(ڕەوانبێژی – پراگماتیکی – زانیاری – لۆجیکی)وەرگر یان گوێگر، (دیکرۆ)پێیوایە گوتنی شاراوە کەمتر ئەرگۆمێنتییە لەبەرامبەر گریمانەی پێشەکی، چونکە دەکەوێتە دەرەوەی پێکهاتەی زمان و هەڵێنجانی واتاکەی دەکەوێتە سەر وەرگر(فوزیة زبار،٢٠١٩ :١٠٤-١٠٦).

## تەوەرەی دووەم

لەم تەوەرەیەدا ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

**٢-١. فرەدەنگی(polyphony ):**

بە درێژبێدان بە بیروڕاکانی(بنڤنیست)لەسەر(دەربڕین)(التلفظ) و (قسەکردن)(التکلم) و (گوتار)(الخطاب)، بەپێی بۆچوونی(دیکرۆ)گوتاری ئەرگۆمێنتی خودێکی قسەکەر لەپشتییەوە هەیە،کە سەرچاوەیەک یان زیاتر لە سەرچاوەیەکی هەیە، قسەکەر لەناو گوتارەکەدا بەرپرسە لە گوتارەکە بە گشتی و ئەرگۆمێنتەکانی بە تایبەتی.


(دیکرۆ)جیاوازی دەکات لەنێوان(قسەکەر)(المتکلم) و (وتەبێژ)(المتلفظ)، کە بەرپرسیارە لە دەربڕینی هەر(بێژە)یەک و (وتەبێژە) بەناوی (قسەکەر) بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و پەیامەکانی لەناو گوتارە ئەرگۆمێنتییەکەدا بەگشتی. دیکرۆ داهێنەری چەمکی(دەربڕی فرەدەنگە) بۆ چارەسەری کێشەی هەندێک گوتن، کە نازانین بە وردی قسەکە(ئاخاوتن)ەکە بۆ کێ دەگەڕێتەوە ؟ ئایا بۆ یەک قسەکەر یان زیاتر لە قسەکەرێک؟ واتاش دیاری ناکرێ بێ گەڕانەوە بۆ مەبەستی گوتنەکە و ئەرگۆمێنتەکەی(فوزیة زبار،٢٠١٩ : ١٠٧).بۆ نموونە لەناو یەک گوتاردا، چەندین بیری جیاواز دەردەبڕدرێ، چەندین کەس قسەدەکەن لە هەڵوێستی جیاجیادا، وەک فلان وای گوت، فیسار وای گوت، بەڵام نێرەری گوتارەکە یەک کەسە.

**٢-٢. هێزی ئەرگۆمێنتی:**

ئەرگۆمێنتی سەر بە هەمان جۆری ئەرگۆمێنت، جیاوازن لە یەکتری، چونکە لە ناو خۆیاندا پەیوەندی پلە بەندی و ڕیزبەندی بە یەکیان دەبەستێتەوە، ئەرگۆمێنت هەیە بەهێزە و ئەرگۆمێنت هەیە بێهێزە، ئەو پلەبەندییە لە ئەرگۆمێنتدا وا دەکات، ئەرگۆمێنت لە زمانە سروشتییەکاندا تواناکانی دەوڵەمەند و فراوانبن، بەپێچەوانەی بەڵگەی لۆجیکی و لۆجیکی بیرکاری، ئەرگۆمینتەر پشت دەبەستێ بە ئەرگۆمێنت، نەوەک بەڵگەی بورهانی. هەروەکو (دیکرۆ)دەڵێت((ئەرگۆمێنت جەخت لەسەر ئەنجامەکە دەکاتەوە، نەوەک فەرزی بکات و بیسەپێنێ))، چونکە سەپاندن، فرەیی و جیاوازی ڕەتدەکاتەوە. ئەو پەیوەندییە پلەبەندییەی لەنێوان ئەرگۆمێنتەکاندا هەیە و جیاوازی پلەی هێزی ئەرگۆمێنتیان، (دیکرۆ)ی بەرەو ئەوە برد، بۆ نیشاندان و نواندنی ئەم پەیوەندییە، پلیکانەی ئەرگۆمێنتی داببێنێ(عبداللطیف عادل، ٢٠١٣ : ١٠٠-١٠١).

**٢-٣.پلیکانەی ئەرگۆمێنت:**

پلیکانەی ئەرگۆمێنت ((بریتییە لەپەیوەندییەکی ڕێزکراو و پلەدار لە نێوان ئەرگۆمێنتەکاندا))(ابوبکر العزاوی،٢٠٠٦أ :٢٠)،پلیکانەی ئەرگۆمێنت یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی ئەرگۆمێنت لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە پراگماتیکییەکاندا، کە لەبواری ئەرگۆمێنتدا خۆی سەپاند. سیستەمێکە لە ئەرگۆمێنت لەسەر پێوانەی جیاوازی پلەی بەهێزی ئەرگۆمێنتەکان وەستاوە(أمحمدعرابی،٢٠٠٩ :٣٧-٣٨). بیرۆکەی پلیکانەی ئەرگۆمێنتی لەسەر بنەمای پلەداری لەئەرگۆمێنتەکان دامەزراوە، بەشێوەیەکی ستوونی لەخوارەوە لە ئەرگۆمێنتی بێهێز دەستپێدەکات بۆ سەرەوە دەڕوات بۆ ئەرگۆمێنتی بەهێز، بەمەبەستی گەیشتن بەو ئەنجامەی گوتارەکە دەیەوێت، کە ڕازیکردنی وەرگرە، پلیکانەی ئەرگۆمێنتی بەوە ناسراوە کە ئەرگۆمێنتەکان هەمان جۆر و ئاڕاستە وەردەگرن(هانی یوسف ابوغلیون ،٢٠١٨: ١٦٨). بەم هێلکارییە ڕوونیدەکەینەوە.





**٢-٣-١. تایبەتمەندییەکانی پلیکانەی ئەرگۆمێنت:**


ئەرگۆمێنت دوو تایبەتمەندی هەیە:

أ- هەرگوتنێک لە پلیکانەی ئەرگۆمێنتدا، پلەیەکی هەیە، ئەو گوتنەی پلەیەک لەو بەرزترە، واتە بەڵگەیەکی بەهێزترە بۆ ئەنجامەکە.

ب- ئەگەر ئەرگۆمێنتی(ب)ئەنجامی (ت)بدات بەدەستەوە، ئەوا ئەوە دەسەپێنێت، کە(م) و(د) کە بەپلە لە(ب)بەرزترن هەمان ئەنجام دەدەن، پێچەوانەکەشی نادروستە، هەر وەک لەم هێلکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:بۆ نموونە کە دەڵێین :




ئەم ڕستانەی سەرەوە هەمان پۆلی ئەرگۆمێنتین و سەر بە یەک پلیکانەن و هەموویان یەک ئەنجام دەگەیەنن کە بریتییە لەوەی(سەفا)خاوەن توانای زانستییە، بەڵام ڕستەی کۆتایی (سەفا دکتۆرای وەرگرت)بەرزترین پلەی ئەرگۆمێنتە و بەهێزترین بەڵگەیە بۆ توانای زانستی(سەفا)(عبدالواحدمشیردزەیی،٢٠١٥ :٤٠-٤١).نموونەیەکی تر




ئەم ڕستانە هەمان پۆلی ئەرگۆمێنت و سەر بەیەک پلیکانەنن و هەموویان یەک ئەنجام دەگەیەنن کە بریتییە لەوەی ((کاوە خانەدان و بەخشندەیە))، ڕێزگرتن لە برا ئەرگۆمێنتێکی زۆر بەهێز نییە، چونکە ئاساییە مرۆڤ ڕێز لە برای بگرێت، پلەی ئەرگۆمێنتی (ج)ڕێزگرتن لە هاوڕێ و برادەر پلەکەی بەرزترە لە ئەرگۆمێنتی(ب)، بەڵام ئەرگۆمێنتی(د) بەهێزترین پلەی هەیە، چونکە کاوە ڕێز لە دوژمنەکانیشی دەگرێت، کە ئەمەش ئەوپەڕی ڕێزداری کەسایەتی کاوە دەگەینێت، ڕەنگە لە هەموو کەسێکدا نەبێت( طه عبدالرحمن ،١٩٩٨: ٢٧٦).

**٢-٣-٢. یاساکانی پلیکانەی ئەرگۆمێنتی:**

پلیکانەی ئەرگۆمێنت چەند یاسایەکی هەیە.

**٢-٣-٢-١. یاسای نەرێ(قانون النفی):**ئەگەر ئەرگۆمێنتێک یان گوتنێک بۆ نموونە ئەرگۆمێنتی(أ) لەلایەن نێرەوە بەکار بێ بۆ خزمەتی ئامانجێکی دیاریکراو، ئەوا نەرێی(~ أ)دەبیتە ئەرگۆمێنت لە بەرژەوەندی ئەنجامی پێچەوانە. وەک:

**أ-سەرکار هەوڵیدا ، بۆیە سەرکەوت لە تاقیکردنەوەکە.**

**ب-سەرکار هەوڵی نەدا ،بۆیە سەرنەکەوت لە تاقیکردنەوەکە.**

**٢-٣-٢-٢. یاسای ئاوەژوو کردنەوە(قانون القلب):**ئەگەر یەکێک لە ئەرگۆمێنتەکان بەهێزتر بێت، لە ئەرگۆمێنتەکانی تر بۆ بوون بە بەڵگەی ئەنجامێکی دیاریکراو، ئەوا دژی ئەرگۆمێنتی دووەم بە هێزترە لە دژی ئەرگۆمێنتی یەکەم بۆ بوونی بە بەڵگەی پێچەوانە.وەک:

**أ-نەوزاد ماستەری وەرگرتووە،بەڵکو دکتۆراشی وەرگرتووە.**

**ب-نەوزاد دکتۆرای وەرنەگرتووە،بەڵکو ماستەریشی وەرنەگرتووە.**

**٢-٣-٢-٣. یاسای نزمکردنەوە(دابەزاندن):**ئەم یاسایە لەسەر بنەمای (دژ)دامەزراوە و پەیوەندی بە گوتنی پێشتر هەیە، یاساکەی بەم شێوەیە(ئەگەر گوتنێک لە پلیکانەیەکی دیاریکراو ڕاست بێت، ئەوا دژەکەی یان پێچەوانەکەی لەپلیکانەی نزمتر ڕاستە). ئەم یاسایە بیرۆکەی ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە دەڵێت(نەرێکردنی وەسفی)لە زماندا، یەکسانە و هاوتایە بەدەربڕینی( moins que) واتە(کەمترلە)، کەدەڵێت **(کەش و هەوا سارد نییە)** ئەو گوتنە لێکدانەوەی ئەوە هەڵناگرێ کە کەش و هەوا زۆر سارد بێت، بەڵکو لێکدانەوەی ئەوە هەڵدەگرێ ،کە پلەی ساردییەکە نزمترە ،

کەواتە بۆ نموونە ،کە دەڵێین(کەش و هەوا سارد نییە) ئەمە ئەوە دەگەیێنێت ، ئەگەرکەش و هەوا سارد نەبێت ،ئەوا:

**١-یان گەرمە.**

**٢- یان ناوەندە**

**پ-یان نزیکە لە گەرم**

دووبارە دارِشتنەوەی ئەو واقیعە شتێکی گرانە، چونکە ئەو نزمکردنەوە و نزمبوونەوەی لەئەنجامی نەرێکردن دروستدەبێت، ناکەوێتە سەر هەمان پلیکانەی ئەرگۆمێنتی، چونکە هەردوو گوتنی :

**-(کەش و هەوا ساردە)(ئەرێ)**

**-(کەش و هەوا ساردنییە)(نەرێ)**

هەردوو گوتنەکە ناکەونە ناو هەمان جۆری ئەرگۆمێنت و لەژێر هەمان پلیکانەی ئەرگۆمێنتی پۆلێن ناکرێن(ابوبکرالعزاوي،٢٠١٣: ١٩٥-١٩٨).

**٢-٤. بەستێنەر و کۆتکردنە ئەرگۆمێنتییەکان:**

**٢-٤-١. بەستێنەرە ئەرگۆمێنتییەکان:**

ئەو ئامرازە لێکدەر و ئامرازە گەیەنەر و هاوەڵکار یان مۆرفیمانەن، کە دوو گوتن یان دوو دەربڕین یان زیاتر بە یەکەوە دەبەستنەوە و دایاندەرِێژێت لە چوارچێوەی یەک ستراتێژییەتی ئەرگۆمێنتیدا(سهیرالعايش،٢٠١٥: ٣٤). بەستێنەرە ئەرگۆمێنتییەکان ئاماژەیەکی بنچینەیی و گرنگ و دیارن و بەڵگەی یەکلایی کەرەوەن، لەسەر ئەوەی، کە (ئەرگۆمێنت) لەناو زۆنانی زماندایە.(ابوبکرالعزاوي،٢٠٠٦أ :٥٥) . ئەم بەستێنەرە ئەرگۆمێنتیانە رۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینن لە گونجان و بەیەکەوە بەستنەوەی دەق و گوتار، بەیەکەوە بەستنەوەی دوو بابەت و رێکخستنی پلەکانی، بەم پێیەی ئەم بابەتانە ئەرگۆمێنتن لەناو گوتاردا(عبدالهادي بن ظافرالشهري،٢٠٠٤: ٥٠٨). لە زۆربەی توێژینەوە کۆنەکاندا، چەمکی بەستێنەرەکان گرێدراوە بە توێژینەوەی رِستەسازی و واتاسازی، بێ ئەوەی ئەرکە پراگماتیکی و ئەرگۆمێنتییەکەی لە بەرچاو بگیرێت(رۆڵی بەستێنەرەکان لە بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان دوو رِستە و دوو بابەت زیاترنەبوو، بەڵام رەهەندی ئەرگۆمێنتی ئەم ئامرازانە لەگەڵ توێژینەوەکانی (دیکرۆ) بەدیارکەوت لە چوارچێوەی دارشتنی(پراگماتیکی لێکدراو)، کە تیۆریکی پراگماتیکییە و بەشێک لە تیۆری واتایی پێکدەهێنێت، ئەم بەستێنەرانە رۆڵێکی گرنگ دەگێرِن لە ئاراستەکردنی ئەرگۆمێنت لە میانەی بەیەکەوە بەستنەوەی رووداوەکانی ناو گوتار و هاندان بە ئاراستەی جێبەجێکردنی رازیکردن و خۆبەدەستەوەدانی وەرگر و ئاراستەکردنی بۆ ئەو ئامانجەی کە نێرەر دەیەوێت.(عبدالله عبدالوهاب العرداوي،٢٠١٧: ١٣١). کەواتە رۆڵی بەستێنەرە ئەرگۆمێنتییەکان جیاوازە لەو رۆڵەی لە رێزمانی دێرین بۆی دیاریکراوە، کە خۆی تەنیا لە هەواڵدان دەبینێتەوە، بەڵکو ئەم بەستێنەرانە رۆڵی ئەرگۆمێنتیان هەیە. کەواتە دوو رۆڵ دەبینن:

أ-بەستنەوەی دوو بابەت یان دوو یەکە یان زیاتر بەیەکەوە.

ب-رێکخستنی نێوان ئەم یەکانە بەپێی بەهێزی و لاوازی ئەو ئەرگۆمێنتەی کە لە گوتارەکەدا خراوەتەروو.(هشام بلخير،٢٠١٢ :١١٣).وەک:

**-نێرگزمۆڵەتی لێخورِینی ئوتۆمۆبێلی وەرگرت،کەواتەدەزانێت ئوتۆمۆبێل لێبخورِێت.**

لەم رِستەیەی سەرەوەدا رستەی(نێرگزمۆڵەتی لێخورِینی ئوتۆمۆبێلی وەرگرت) ئەرگۆمێنتە بۆ ئەنجامی(دەزانێت ئوتۆمۆبێل لێبخورِێت) ئەوەی ئەم دوو رِستەیەی بەیەکەوە بەستۆتەوە، بەستێنەری(کەواتە)یە(عبدالواحد مشير دزەيي،٢٠١٥ :٤٣). ژمارەیەکی زۆر بەستێنەری ئەرگۆمێنتی لە زمانی کوردیدا هەن ،لەوانە : (و، بەڵام، بەڵکو، تا، تاکو، کەواتە، لەبەرئەوە، چونکە، بۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر، لەکۆتاییدا، پاشان، بۆئەمە ،.....هتد).

**٢-٤-١-١ . جۆرەکانی بەستێنەرە ئەرگۆمێنتییەکان وپێوانەی پۆلێنکردنی:**

بەستێنەرە ئەرگۆمێنتییەکان، پۆلێندەکرێن بەپێی چەند پێوەرێک، کە ئەمانەن:

أ/ پێوانەی ژمارەی (گۆرِاوەکان) :

١- هەندێ بەستێنەر لەنێوان دووگۆرِاودا دێن، واتە(ئەرگۆمێنت وئەنجام) .

وەک: **کەش و هەوا باراناوییە، کەواتە گەشتەکەمان دوا دەخەین.**

٢- بەڵام بەستێنەر لەنێوان سێ گۆرِاودێن. وەک : **(بارودۆخی کورِەکە تێکچووە، جگەرەدەکێشێ ،مەی دەخواتەوە، بەڵکو ئالوودەی مادە هۆشبەرەکانیش بووە).**

ب/ پێوانەی ئەرکی بەستێنەرەکان:

ئەم پێوانەیە دوو ئەرک بۆ بەستێنەرەکان دیاریدەکات.

١- بەستێنەری ئەرگۆمێنتی :ئەرکی ئەم بەستێنەرانە خۆی دەبینێتەوە لە هێنانەوەی ئەرگۆمێنت، ئەمانە دەگرێتەوە(هەتا،بەڵکو ،بەڵام ،لەبەرئەوە،بۆیە...)وەک: **(کوردستانم خۆشدەوێ ،داری، بەردی ،رووبارەکانی ،چیاکانی، مرۆڤەکانی، هەتاشێتەکانیشی)**یان **(ئەو مرۆڤێکی زانایە، زمانەوانە،یاساناسە، شەرعزانە، هەتا لە فەلسەفەش شارەزایە).**

٢- بەستێنەری ئەنجام: ئەرکی ئەم بەستێنەرانە خۆی دەبێنێتەوە لە هێنانەوەی ئەنجام، ئەمانە دەگرێتەوە(بۆئەوەی ،کەواتە ،لەگەڵ ئەوەشدا ،لەدواییدا...) ،وەک: **(شەقڵاوە هاوینەهەوارێکی فێنک و خۆشە، کەواتە پشووەکەمان لەوێ بەسەردەبەین).**

ج/پێوانەی پەیوەندی نێوان ئەرگۆمێنتەکان: ئەم پێوانەیە دوو جۆر بەستێنەرمان بۆ دەستنیشان دەکات بەپێی ئاراستەی ئەرگۆمێنتەکان:

١-بەستێنەری ئەرگۆمێنت پاڵپشت:ئەو بەستێنەرانەن، کە ئەرگۆمێنتی پاڵپشت بەیەکەوە دەبەستنەوە. ئەمانەن:(و، هەتا ، بەتایبەت ...)وەک:**(شاخەوان لەمەلەکردن و تفەنگ هاوێژی و هەتا لەئەسپ سواریش شارەزایە).**

٢- بەستێنەری ئەرگۆمێنتی پێچەوانە: ئەوبەستێنەرانەن، کە دوو ئەرگۆمێنتی دژ و پیچەوانە بە یەکتر دەبەستنەوە. (رشيد الراضي،٢٠١٣ : ٧٧٤-٧٧٦)، ئەمانە دەگرێتەوە(بەڵام، بەڵکو، لەگەڵ ئەوەشدا....) ،وەک: ( **سەرکەوت زیرەکە، بەڵام کەمتەرخەمە**).

**٢-٤-٢. کۆتکردنی ئەرگۆمێنتی:**

کۆتکەرە ئەرگۆمێنتییەکان لەوەدا، لە بەستێنەرە ئەرگۆمێنتییەکان جیادەبنەوە ، بەستێنەری ئەرگۆمێنتی دوو گۆرِاوی ئەرگۆمێنتی یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، واتە ئەرگۆمێنت و ئەنجام یان کۆمەڵێک ئەرگۆمێنت، بەڵام کۆتکەرە ئەرگۆمێنتییەکان، توانای ئەرگۆمێنتەکان کۆتدەکەن.(ابوبکرالعزاوي،٢٠٠٦أ: ٢٧) ئەو ئامراز و وشە و دەربرِینانە دەگرێتەوە(خەریکە،نزیکەی ،کەمێک ،زۆرێک ، لەوانەیە پێدەچێت ،رەنگە ،تەنیا...) بۆ نوونە:

**-کاتژمێرهەشتە.** (پەلەبکە)

**-کاتژمێرخەریکە دەبێتە هەشت.** (زۆرپەلەمەکە)

لێرەدا (خەریکە)ئەوە دەگەیێ ،کات ماوە بۆکاتژمێر هەشت بۆیە پێویست بەپەلەکردن ناکات، لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە.(عبدالواحد مشیر دزەیی،٢٠١٥ : ٤٢)، کۆتکردنە ئەرگۆمێنتییەکان کاتێک لەناو گوتاردا بەکاردێن بەشداریدەکەن و ڕۆڵیان هەیە لەکەمکردنەوەی توانای ئەرگۆمێنتی گوتنەکان و زیادکردنی توانای گەیشتن بەئەنجام ، کۆتکردنە ئەرگۆمێنتییەکان دووئەرکی گرنگییان هەیە :

أ/ نەهێشتنی زۆری لێکەوتە وئەنجامەکان، ئەمەش بەگواستنەوەی(وەرگر) لە زۆری و ناڕوونی و لێڵی ئەنجامەکان بۆ یەک ئەنجام، بە کۆتکردنی توانای ئەرگۆمێنتەکان لە گوتاردا(عزالدين الناجح ،٢٠١١ :٣٥)..

ب/ کۆتکردنە ئەرگۆمێنتییەکان هەڵدەستن بە بەهێزکردنی ئاراستەکردن بەرەو ئەنجام بەهێز دەکەن، بۆ نموونە: **(نارین و نەسرین و هێلین دەرچوون، بەڵام ڕۆژین دەرنەچوو).**

**هەموو قوتابییەکان دەرچوون ،تەنیا ڕۆژین دەرنەچوو.**

لەڕستەی دووەم بەهۆی (تەنیا) زووتر و کورتتر دەگەینە ئەنجام.

**٢-٥. ئاراستەکردنی ئەرگۆمێنت:**

یەکێکی تر لە چەمکە گرنگەکانی تیۆری(دیکرۆ و ئەنسکومبەر)، چەمکی ئاراستەکردنی ئەرگۆمێنتییە (Argumentative oriemtation) ئەرک و ئامانجی ئەرگۆمێنت لەو چەمکەدا بەرجەستە دەبێت. ئەوە دەگەیێنێت، ئەگەر گوتنێکی دیاریکراو توانای دروستکردنی کردەی ئەرگۆمێنتی هەبێت، ئەوا نرخ و بەهای ئەرگۆمێنتی ئەم گوتنە دیاریدەکرێت بە یارمەتی ئاراستەکردنی ئەرگۆمێنتی، ئەم ئاراستە کردنە لەوانەیە ئاشکرابێت، لەوانەشە شاراوە بێت، ئەگەرگوتنەکە یان گوتارەکە، هەندێک بەستێنەر و کۆتکردنی ئەرگۆمێنتی تێدابوو، ئەوا ئەو بەستێنەر و کۆتکردنە ئەرگۆمێنتیانە، کۆمەڵێک ئاماژە و ڕێنماییان تێدایە، کە بەپەیوەندی بەو شێوازەوە هەیە، کە گوتن یان گوتارەکەی پێ ئاراستەدەکرێ(ابوبکرالعزاوی،٢٠٠٦أ: ٢٥)، یان کۆمەڵێک وشە و دەربڕین هەیە،وەک **(وای دەبینم ،بەدڵنیاییەوە ،جگەلەمەش..)** ئەرکی سەرەکیان خزمەتکردنی ئاراستەکردنی دەربڕینەکانە، هەروەکو (دیکرۆ) لە گوتارێکدا، لەساڵی(١٩٧٩)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاراستەکردنی ئەرگۆمێنتی شتێکی پێویستە بۆ زۆربەی ئەو ڕستانەی کە واتاکانیان هەڵگری ئاراستەکردنن، دەربڕینی ڕستەکە واتا پێشخستنی ئەرگۆمێنتێک لە بەرژەوەندی ئەنجامێکی دیاریکراو.(ابتسام بن خراف،٢٠١٠ : ١٥٤)وەک:

- **ئەم خانوو زۆرخۆشە، پێمباشە بیکڕی.**

بەڵام ئەگەر گوتنەکە بەستێنەر و کۆتکردنی ئەرگۆمێنتی تێدانەبوو، ئەوا ڕێنمایی دیاریکراو بۆ ئاراستەکردنی ئەرگۆمێنتەکە، لە وشە و دەربڕین و دەوروبەری پراگماتیکی و دەوروبەری گوتنەکە یان گوتارەکە، هەڵدەهێنجرێت. (ابوبکرالعزاوی، ٢٠٠٦أ: ٢٥)، بۆنموونە ئێمە کاتێک بەکەسێک دەڵێین(**هۆتێلێک هەیە خۆشە و هەرزانە و هەموو هۆکارەکانی پشوودانی تێدایە)**لێرەدا مەبەستمان هەواڵدان نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستمانە کەسەردانی ئەو هۆتێلە بکات، هەوڵدەدەین لە ئاراستەکردنی بۆ ئەنجامی مانەوە لە هۆتێلەکە، ئەمەش لە دەوربەرەکە هەڵێنجانی بۆ دەکرێ.

کەواتە ئاراستەی ئەرگۆمێنتی جۆرێک لە ئەنجام بەسەر گوێگردا دەسەپێنێت، بەم پێیەی کە تاکە ئاراستەیە کە گوێگر دەتوانێت پێدابڕوات. لەم ڕوانگەیەوە، دیکرۆ، دان بە دەسەڵاتی گوتاردا دەنێت، کە ڕێگر دەبێت لەبەردەم ئەرگۆمینتی پێچەوانە و سوورە لەسەر ئاراستەکردنی گوێگر بەیەک ئاراستە و دوورخستنەوەی لە ئاراستەکانی تر. (سامية الدريدی ،٢٠١١ : ٢٣-٢٤).

ئاراستەکردن لەسەر دوو ئاست دەبێت: ١-لەسەرئاستی گوێگر. ٢-لەسەرئاستی گوتارەکە. پێشتر باسمانکردووە.

**٢-٥-١.جۆرەکانی ئاراستەکردن:**

**٢-٥-١-١.ئاراستەکردن بەهەمان ئاراستە( Coorentation)** :ئاراستەکردن بەهەمان ئاراستەدەبێت، کاتێک دوو ئەرگۆمێنت یان زیاتر، ڕێگە بەهەمان ئەنجامدەدەن، واتە ئەگەر هەر دووکیان بەرەو پشگیریکردنی ئەنجامەکە چوون، بەم ئەرگۆمینتانە دەگووترێ (ئەرگۆمێنتی پشتگیریکردن)، بۆ نموونە:(**با بچین بۆ کەنار دەریا، کەش و هەوایەکەی زۆرجوان و خۆشە، پاشان ئێرە زۆر گەرمە)** هەر دوو ئەرگۆمێنتی(کەش و هەوایەکە جوان و خۆشە) و(ئێرە زۆر گەرمە) پشتگیری هەمان ئەنجام دەکەن (با بچین بۆ کەنار دەریا).

**٢-٥-١-٢. ئاراستەکردنی پێچەوانە:** لەم جۆرەیاندا ئاراستەکردنەکە ئاراستەکردنێکی پێچەوانەیە، ئەگەر دوو ئەرگۆمێنت یان زیاتر ئاراستەیان بەرەو دوو ئەنجامی پێچەوانەبوو، واتە پشگیری دوو ئەنجامی پێچەوانەیان دەکرد، پێیان دەگووترێ (ئەرگۆمێنتی دژ یان پێچەوانە) (ابتسام بن خراف ،٢٠١٠ : ١٥٤-١٥٥). ،بۆ نموونە: **(ئەو چێشتخانەیە زۆرباشە، بەڵام نرخی خواردنەکانی زۆرگرانە)،** بەستێنەری(بەڵام) ئاراستەی ئەرگۆمێنتی دەربڕینەکە ڕەتدەکاتەوە و دەیگۆڕێت لە.(**ئەو چێشخانەیە زۆرباشە،با بچین)** بۆ(**نرخی خوارنەکانی زۆرگرانە ،با نەچین).**

**ئەنجامەکان:**

١--بەپێی ئەم تیۆرە ئەرکی سەرەکی زمان ئەرگۆمێنتە و مرۆڤ کاتێک قسەدەکات بەئامانجی کارتێکردن و ڕازیکردن و ئاراستەکردنی بەرامبەر قسەدەکات.

٢-ئەرگۆمێنت هەیە لە ئەرگۆمێنتێکی تر بەهێزترە، بەهۆی پلیکانەی ئەرگۆمێنتی ئەم جیاوازییە گوزارشتی لێدەکرێت.

٣-بەستێنەر و کۆتکردنەئەرگۆمێنتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاودەگێڕن لە تیۆری ئەرگۆمێنتی ناو زمان،بەستێنەرەکان لەزمانی کوردیدا خۆیان لە ئامرازی( لێکدەر و گەیەنەر)دەبیننەوە، کۆتکردنەکانیش مۆرفیمی(خەریکە ونزیکە..) و هەروەها مۆرفیمەکانی ڕاددەی وەکو(هەموو ،هەندێ..)ئەم ئەرکە دەبینن.

٤-ئاراستەکردن چەمکێکی گرنگی ئەم تیۆرەیە، ئاراستەکردنیش دوو جۆرە، ئاراستەکردن بەهەمان ئاراستە، لە زمانی کوردیدا بەستێنەری ئەرگۆمێنتی(و، هەتا، لەدواییدا)ئەم ڕۆڵە دەبینن و ئەرگۆمێنتی پشتگیریکردن دروستدەکەن،لە کاتێکدا ئاراستەکردن بە ئاراستەی پیچەوانە، بەستێنەری ئەرگۆمێنتی(بەڵام، بەڵکو، لەگەڵ ئەوەشدا) ئەم ڕۆڵە دەبینن و ئەرگۆمێنتی پێچەوانە دروستدەکەن.

ملخص البحث:

يتناول هذا البحث (بعض الجوانب نظرية الحجاج عند ديكرو وأنسكومبر ،نظرية الحجاج داخل اللغة).يركز هذا البحث بحسب هذه نظرية(نظرية الحجاج اللغوي)،التى أرسى دعائمها كل من(ديكرو وانسكومبر) والتى يسعيان من خلالها إلى إثبات فكرة عامة مفادها أن اللغة تحمل صفة ذاتية وجوهرية وظيفة الحجاجية وأن الحجاج متجذر في اللغة.يتكون هذا البحث من محورين،في المحور الاول تناول هذا البحث مفهوم الحجاج وتعريفه و وظيفته وخصائصه والمبادئه، حسب هذه النظرية وعلاقة هذه نظرية بالمنطق والتداولية المدمجة. أما في المحور الثاني فقد تناول ظاهرة تعدد الاصوات و القوة الحجاجية و السلم الحجاجيةو والروابط والعوامل الحجاجية في اللغة والتوجيه الحجاجي.

**Abstract:**

This research deals with some aspects of theory of argumentation by Ducrot and Anscombre, which is known as the Theory of Argumentation within Language, emphasizes that argument is rooted in language, and wants to prove the general idea that language in itself has argumentative task. This research consists of two sections, the first one deals with the definition and concept of argument, function and goal of argument, characteristics of argument according to this theory and the relationship of the theory to logic and integrated pragmatics. In the second section, polyphony and Argumentation force, the argumentative scale, argumentative connectors and argumentative operators, and argumentative orientation, were discussed and necessary examples were provided.

**سەرچاوەکان:**

أ-بەزمانی کوردی:

١-عبدالواحد مشیر دزەیی، لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥.

٢-عبدالواحید مشیر دزەیی، زانستی پراگماتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠١١.

ب-بەزمانی عەرەبی:

٣-إبتسام بن خراف، الخطاب الحجاجي السياسي في كتاب الإمامةوالسياسةلإبن قتيبة(دراسة تداولية)، رسالة دكتوراة، كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة الحاج لخضر باتنة، ٢٠١٠.

٤-أبوبكر العزاوي، ، التحاجج طبيعته ومجالاته و وظائفه،إعدادوتقديم: حمو النقاري، كلية، مطبعة النجاح الجديدة، الدارالبيضاء، طبعة١، ٢٠٠٦ب.

٥-أبوبكر العزاوي، الحجاج مفهومه ومجالاته(دراسات نظرية وتطبيقية محكمة في الخطابة الجديدة، الجزء الاول، مجموعه من المؤلفين، تحرير والإشراف د.حافظاسماعيلي علوي، دار إبن النديم للنشر والتوزيع، وهران، الجزائر و دار الروافد الثقافية، بيروت، لبنان، طبعة١، ٢٠١٣.

٦-أبوبكر العزاوي، اللغة والحجاج،طبعة١، العمدة في الطبع، دارالبيضاء، ٢٠٠٦أ.

٧-أمحمد عرابي، البنية الحجاجية في قصة سيدنا موسى(عليه السلام)، رسالة ماجستير، كلية الاداب والفنون، جامعة اللسانية وهران، ٢٠٠٩.

٨-جان سيرفوني، الملفوظية، ترجمة:د.قاسم المقداد، اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٨.

٩-جايلي عمر، نظريةالحجاج اللغوي عند ديكرو وانسكومبر، مجلة العمدة في اللسانيات وتحليل الخطاب، عدد(٣)، الجزء(١)جامعة محمد بوضياف-المسيلة، ٢٠١٨.

١٠-جميل الحمداوي، من الحجاج الى البلاغة الجديدة، أفريقيا الشرق، الدارالبيضاء، المغرب، ٢٠١٤.

١١-جواد ختام، التداولية اصولها و اتجاهاتها، دار كنوز المعرفة ،عمان، الاردن، طبعة١، ٢٠١٦.

١٢-رشيد الراضي، الحجاج مفهومه ومجالاته(دراسات نظرية وتطبيقية محكمة في الخطابة الجديدة، الجزء الاول، مجموعه من المؤلفين، تحرير والإشراف د.حافظاسماعيلي علوي، دار إبن النديم للنشر والتوزيع، وهران، الجزائر و دار الروافد الثقافية، بيروت، لبنان، طبعة١، ٢٠١٣.

١٣-رشيد الراضي، الحجاجيات اللسانية عند ديكرو وانسكومبر، مجلة عالم الفكر، مجلد(٣٤)، عدد(١)، الكويت، ٢٠٠٥.

١٤-سامية الدريدي، الحجاج في الشعر العربي بنيته وأساليبه، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع ، إربد، الاردن، طبعة٢، ٢٠١١.

١٥-سهير العايش، الحجاج في الخطاب النبوي، أحاديث المعاملات والعبادات (أنموذجاً)، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعةالعربي بن مهيدي أم البواقي، ٢٠١٥.

١٦-شكري المبخوت، أهم نظريات الحجاج في التقاليد الغربية من أرسطو الى اليوم، فريق البحث في البلاغةوالحجاج، إشراف حمادي صمود، جامعة الاداب والفنون والعلوم الانسانية،كلية الاداب منوبة، تونس، طبعة١، ١٩٩٨.

١٧-صابر الحباشة، التداولية والحجاج مداخل و نصوص، صفحات للدراسات والنشر، دمشق، سورية، طبعة١، ٢٠٠٨.

١٨-طه عبدالرحمن، اللسان والميزان والتكوثر العقلي، المركز الثقافي العربي، دارالبيضاء، ط١، ١٩٩٨.

١٩-عايد جدوع حنون، الحجاج في الكلام الإمام الحسين، الأمانة العامةللعتبة الحسينية المقدسة، النجف، العراق، طبعة١، ٢٠١٨.

٢٠-عبدالاله عبدالوهاب العرداوي، الروابط الحجاجية في الرسالةالامام زين العابدين إلى محمد مسلم الزهري، مجلة العميد، عدد(٦)، مجلد(٦)، ٢٠١٧.

٢١-عبدالرزاق بنور، جدل حول الخطابه والحجاج، دار العربية للكتاب، ٢٠٠٨.

٢٢-عبداللطيف عادل، بلاغةالاقناع في المناظرة، منشورات خفاف، بيروت، لبنان، طبعة١، ٢٠١٣.

٢٣-عبدالله صولة، الحجاج في القرآن الكريم من أهم خصائصه الاسلوبية، دارالفارابي، بيروت، لبنان، ط٢، ٢٠٠٧.

٢٤-عبدالهادي بن ظافر الشهري، استراتيجيات الخطاب (مقاربة لغوية التداولية)، دار الكتب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان، ط١، ٢٠٠٤.

٢٥-عزالدين الناجح، العوامل الحجاجية في اللغة العربية، مكتبة علاءالدين للنشر والتوزيع، صفاقس، تونس، طبعة١، ٢٠١١ .
٢٦-عمارة ناصر، الفلسفة والبلاغة(مقاربة الحجاجية للخطاب الفلسفى)، دار العربية للعلوم ومنشورات، جزائر، طبعة١، ٢٠٠٩.
٢٧-فوزية زيار، البنية الحجاجية في شعر عزالدين ميهوبي، رسالة دكتوراة، كلية الاداب والفنون، جامعة وهران ، ٢٠١٩.
٢٨-محمد سالم محمدأمين الطلبة، الحجاج في البلاغة المعاصرة بحث في بلاغة النقد المعاصر، دارالكتاب الجديد المتحده، بيروت، لبنان، طبعة١، ٢٠٠٨.
٢٩-محمد طروس، النظرية الحجاجية من خلال الدراسات البلاغية والمنطقية واللسانية، دارالثقافة، دارالبيضاء، طبعة١، ٢٠٠٥.
٣٠-مسعود صحراوي(٢٠٠٥) ،التداولية عند علماء العرب ، ط١ ، دارالطليعة للطباعة والنشر-بيروت.
٣١-مليكة غبار وآخرون، الحجاج في الدرس الفلسفة، أفريقيا الشرق، الدار البيضاء، المغرب، طبعة١، ٢٠٠٦.
٣٢-هاني يوسف أبوغليون، الحجاج في النص القرآني سور الحواميم أنموذجاً، رسالة ماجستير ، كلية الدراسات العليا، قسم اللغة العربية و الادابها، جامعة مؤتة، ٢٠١٠.
٣٣-هشام بلخير، آليات الاقناع في الخطاب القرآني(سورةالشعراء نموذجاً)، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة الحاج لخضر-باتنة، ٢٠١٠.

پێگەی ئەلیکترۆنی:

١-جميل الحمداوي ، نظريات الحجاج ، www.alukah.net.